ئایا ئەوەی لەپێش ئیمام سەری بەرز دەکاتەوە ؛ ناترسێت لەوەی کە خوای گەورە سەری وەکو سەری گوێ درێژ لێبکات، یان شێوەی وەکو شێوەی گوێدرێژ لێبکات

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا ئەوەی لەپێش ئیمام سەری بەرز دەکاتەوە ؛ ناترسێت لەوەی کە خوای گەورە سەری وەکو سەری گوێ درێژ لێبکات، یان شێوەی وەکو شێوەی گوێدرێژ لێبکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڕەشەیەکی توند دەکات لەسەر ئەو کەسەی کە سەری لەپێش سەری ئیمام بەرز دەکاتەوە لەکاتی نوێژدا ؛ بەوەی خوای گەورە لەوەیە سەری وەکو سەری گوێ درێژ لێبکات، یان شێوەی وەکو شێوەی گوێدرێژ لێبکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3086